## ئەو سەگەی بەوەفابوو... ! م. حەمید عەزیز

کورتە چیرۆک ...



من ئاگام لێ نەبوو لەگەڵ سەلاحی هاوڕێم بووم کەپێمان دەووت سالاحی گوێ نانەتیری چونکە گوێی زۆر تەنک بوو هەر ئەتووت نانی تیری یە، تازە هاتبووینەوە لەمەکتەب پیاسەمان دەکرد ماڵمان لەگەڕەکی چوار باخ بوو، ئەوکات قوتابی ئامادەیی سلێمانی بووین دەوروبەری ساڵی 1982 بوو نزیکەی دووساڵ دەبوو شەڕی ئێران و عێراق دەستی پێکردبوو. هەرئەوەندەم زانی گوێم لە قروسکە قروسکی سەگ بوو بەڵام نەمان ئەزانی لە کوێوەیە، بەسەلاحی هاوڕێم ووت

_ ئەرێ بابچین بزانین ئەوە چی یە؟

_ بابڕۆین لەوە ئەچێ مناڵان پەلاماری سەگە بۆریان دابێ.

نزیک بووینەوە لەدەنگەکە لای مزگەوتی عەبدوڵا لوتفی کۆمەڵێ منداڵ و گەورە بەدارو بەبەرد بەربوبونە سەگەی داماو هاواریان دەکرد

_ کورە بیگرن ئەمە گلاوە کوشتنی حەڵاڵە بالەم گەڕەکە نەمێنێ.

من و سەلاحیش زۆر ناڕەحەت بووین بەتایبەت من چونکە ئاژەڵم زۆر خۆش دەویست زۆرم بەزەیی بەسەگەکەدا هاتەوە بەتایبەت کە نزیک بوومەوە بینیم سەر پشتیشی هەمووی خوێنە ئەوەندەی تر ناڕەحەت بووم، چوومە پێشەوە لەسەگەکە چاوانی فرمێسکی پیا ئەهاتە خوارەوە چاوانیم خوێندەوە دنیایە گریان و سکاڵا بوو لەوە ئەچوو بڵێ من بەهەڵە دروست بووم ئەبوایە من مرۆڤ بوومایە و ئەوانیش دڕندە، پشتی خوێنی زۆر لەبەر ئەڕۆی هیچ شتێ نەبوو پێی بگیرسێنمەوە لەحەیبەتا کراسەکەم داکەندو خستمە سەر پشتی و بەفالینەی ژێرەوەش بۆم بەست و بەجوانی گرێمدا، ئەو بەسەزمانە سەری لەئەرزەکە دانابوو نەیئەجوڵاند لەوە ئەچوو دەمێک بێ چاوەڕێی نازێکی مرۆڤ بێت گوێم لێبوو گەورەکان ئەیان ووت

_ بەخوا بێ عەقڵە سەیری چۆن دەست ئەیا لەو سەگە گلاوە ئا، ئا، خۆ کراسەکەشی بۆ پیس کرد بەخوا ئەم ئێوارەیە ئەیخوا لەماڵەوە کەبابی چەور یەعنی شەقی مزر.

هەستام دەستم تەکان و داوای کراسێکم لەسەلاحی هاوڕێم کرد بۆئەوەی بەڕوتی بەکۆڵانەکەدا نەڕۆمەوە، ڕووم کردە خەڵکەکەو ووتم

_ باشە خۆ ئێوە خۆتان بەموسوڵمان ئەزانن بۆچی بەخۆتان و منداڵەکانتانەوە بەربوونەتە ئەم سەگە داماوە؟ سمێڵ فشێکیان هاتە پێشەوەو بەگاڵتە پێکردنەوە و بەتەوسێکەوە ووتی

_ جانەمەنەت خۆش ئەوێ بۆ نایبەیتەوە بۆماڵەوە خزمەتی بکەی؟ ویستم پێی بڵێم ئەو سەگە لەتۆ ئینسان ترە هەی بێویژدان، لەپڕ مەلا محەمەیی کانی مانگا کەمەلای مزگەوتەکەی عەبدوڵا لوتفی بوو سەیرێکی منی کردوو سەرێکی لەقاندو ووتی

_ خوا ئەجرت بنوسێ کوڕم. ڕوی کردە گەورەو منداڵەکان و ووتی

_ خەڵکینە ئێوە زۆر زوڵمتان کرد لەو سەگە ئەگەر ئێستا ئەو سەگە زمانی هەبوایە پێی ئەوتن (بۆخاتری خوا منیش خوا دروستی کردوم بۆ ئازارم ئەدەن؟ خۆ ئەتوانم پەلامارتان

بدەم بەڵام من وەک ئێوە ناکەم) مەلا محەممەد بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و هەناسەیەکی هەڵکێشاو ووتی
_ ئەم سەگە بەسەزمانە کەئەمڕۆ ئازارتاندا زۆر ئاژەڵێکی بەوەفایە چونکە هەر لەناو ئێوە ئینسان هەیە کەدێت بۆ مزگەوت نوێژ دەکات دوایی کەدەڕوات پێڵاوی خەڵکی دەبات یان بەلوعەی ماڵەکەی شکاوە بەلوعەی مزگەوت ئەبات بەڵام ئەو سەگە بێ ئەوەی خزمەتی بکەین شەو تابەیانی پاسەوانی مزگەوتەکەیە باشە توخوا ئەو سەگە گڵاوە؟ یان ئەوانەی خەڵکی ئازار دەدەن، یان ئەوانەی ئینسان دەکوژن بەبێ گوناح، یان ئەوانە گڵاون کە ئینسانی دەست پیسن.
جاسوسەکانیش خەبەرەکەیان گەیانبووە ماڵەوە، کەڕۆیشتمەوە هەر لەدوورەوە دایکمم بینی لەبەر دەرگا خۆی بۆحازر کردبووم وەڵڵا منیش نەم کردە نامەردی پێچێکم بۆکردەوەو بەرەو سەهۆڵەکە ڕۆیشتم بە پێ بەرەو ماڵی بەرزانی هاوڕێم حاڵ و مەسەلەم بۆ باسکردن بۆخۆیی و دایکی ئەوانیش دەست خۆشییان لێکردم و شەوێکی خۆشمان بردە سەرو شەو درەنگانێ گوێمان لەدەنگە دەنگ بوو دایکی بەرزان کەناوی نەسرین خان بوو ووتی
_ کوڕم خۆتان بکەن بەخەوتوو ئەوە زاڵمەکانە لەگەڵ جاش و هێزی تایبەت (قواە خاسە) لەجەماعەتەکەی ملازم موحسین" ئەچن، پەیژەیان داناوە ئەچنە ماڵی باجی ڕەیحان لەوەئەچێ بۆکوڕەکانی هاتبن یاخوا کوێربم، ئێوەش بخەون کوڕی خۆم.
بەیانی چووم بۆ قوتابخانە، لەبەردەرگاکە سەلاحی هاوڕێم بینی، هەر کەمنی بینی دەستی کرد بەپێکەنین و ووتی
_ شەووی ڕابردوو دایکت هات بۆماڵمان هەواڵی تۆی لەمن پرسی منیش پێم ووت نازانم کەچی پێی ووتم
_ هەی نانە تیری زۆڵ تۆنەزانی کێ ئەزانێ؟
خەمم لێهاتبوو چۆن دووای مەکتەب بڕۆمەوە و چۆن ڕزگارم بێت لەو دادگایە کەڕۆیشتمەوە ماڵەوە دایکم و باوکم شەڕیان بوو باش بوو منیان بیرچوو بوو
سەرێکم لەمزگەوت دا مەلا محەمەدم بینی دوای سڵاو لێکردن و چاک و چۆنی و دەست خۆشی ووتی
_ کوڕم پێشڕەو هیلاک بوونەکەی دوێنێت بەفیڕۆ نەچوو، چونکە ئەمشەوی ڕابوردو وەک شەوانی تر سەگە بۆر پاسەوانی مزگەوتەکەو گەڕەکەکە بووە.
" ملازم موحسین: کابرایەکی ئەفسەری زۆر دڵسۆزی حکومەتی سەدام بوو هەتا بڵێی دوژمنی کورد بوو بەرەگەز عارەبی فەلەستینی بوو لەو سەردەمەدا پێشمەرگە دوو جار بریندارییان کرد.

M_Hamidaziz@hotmail. com